**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٩٨٣ لە ٢٠٢٣/٢/١٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (١٣) ماددەی (١) لە یاسای (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق ،و بڕگەی سێیەم لە ماددەی دووەم لەیاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری ڕێنمایی دروستکردنی پۆند ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هەمواركردنی ماددەی (٥) لە ڕێنمایی دروستكردنی پۆند ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (٥):**

( کاتێک بەرزی پۆند لە هەشت مەتر زیاتر بێت دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی گشتیە کە بریار بدات بە پەسندکردن لەسەر بنەمای هونەری و زانستی ).

٢- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەكرێت لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**